www.kurdistannet.org
21-7-2006 13:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پارتی چەپی کوردستان بۆچی و بۆ کێ دادەمەزرێنن؟ ... سەردار عەزیز ئۆمەر

تا ئێستا بیروباوەڕی چەپ بە چەند شێوەیەکی جیاواز لە کوردستاندا خۆی دەرخستووە. لە حیزبی شیوعییەوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لەوێوە بۆ ئاڵای شۆڕش و گرووپەکانی دیکەی ناو شار و، لەوێشەوە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە هەردوو باڵەکەیەوە. ئێمە مەبەستمان نیە لەم نووسینە کورتەدا مێژووی چەپ بەسەر بکەینەوە، بۆیە ئەگەر ناوی هەموو گرووپەکان ناهێنین، ئەوە تەنها مەبەستمانە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری و قورسایی چەپ لە کوردستان دەربخەین.

بە باوەڕی من هەموو ئەو پارت و گرووپانە بە دوو میتۆدی تەواو جیاواز لە یەکتر کاریان کردووە، کە لە ئەنجامدا ئەو دوو میتۆدە لەوەدا لە یەکیان گرتۆتەوە، کە هیچ یەکێکیان نەیانتوانیوە ببنە بەشێک لە پێکهاتەیەکی ئاکتیڤی فیکری چەپ. ئەو دوو میتۆدەش هەتا ئێستا بەم شێوەیە خۆیان دەرخستووە:

یەکەم: خۆ گونجاندن و پاشکۆیایەتی، کە حیزبی شیوعی بەدرێژایی مێژووی خۆی لە کوردستان و عێراق لەژێر ناوی جیاواز جیاوازدا نوێنەرایەتیی کردووە. هەر ئەو میتۆدە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەگیرێتە بەر، ئەگەرچی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە ڕەخنەی توندوتیژی لەو میتۆدە گرتبوو.

دووەم: ڕەتکردنەوەی بەرامبەر تا ئاستی لەناوبردن. گرووپە بچووکەکانی ناو شار، کە دواتر حیزبی کۆمۆنیستیی کریکاریی عێراق دادەمەزرێنن، بانگداشەی ئەو میتۆدەیان کردووە.

ئەگەر میتۆدی یەکەمیان میتۆدێکی پراگماتیستانە بووە و هەوڵی گەورەی داوە بە هەر شێوەیەک بێ لەناو کات و شوێندا بەدەر نەنرێ، ئەوە میتۆدی دووەمیان میتۆدێکی فەنتازیایی بووە. واقیعێکی فەنتازیایانەی پێکهێناوە و لەهەمان کاتدا ئەو واقیعە فانتازیایەی داوەتە بەر ڕەخنە و جاڕی لەناوبردنی داوە.

کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراق لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە تاوەکو ئێستا ئاسمانێکی دیکەیان بۆ خۆیان پێکهێناوە، کە دەکرێ ناوی ئاسمانی دووەمی لێبنێین. سۆڤیەت ئاسمانی دووەمی شیوعییەکان بوو. لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردووشەوە حیزبی کۆمۆنیست، راستتر مەنسووری حیکمەت ئاسمانی دووەمی گرووپە رادیکالەکان بووە، کە دواتر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقیان پێکهێنا. کۆمۆنیستەکان هەموو پەیوەندییەکی خۆیان لەگەڵ ئەو ئاسمانەدا ڕێکخستووە. ئاسمان ئەو فەزایەیە، کە بەدرێژایی مێژوو لە لایەن مرۆڤی سەر زەمینەوە بۆتە جێگای پرسیار. هەموو میتۆلۆجیا و ئاینەکان بەرهەمی ئەو پرسیارەن. لەوێشەوە فەلسەفە هەر لەناو ئەو پرسیارەدا دێتە کایەوە، بەوەی بوون و مرۆڤ دەکاتە بابەتی سەرەکیی خۆی. ئایدۆلۆجیا بەپێچەوانەی فەلسەفە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دایە ئاسمانێکی زۆر سادەی تر، نزمتر و بچووکتر، بخوڵقێنێ، کە پرسیار هەڵنەگرێ.

مارکیسیزم پێش ئەوەی لە ئاستی سەرمایەداریدا تێکبشکێ، کۆمۆنیستەکان خۆیان تێکیانشکاند. لینین ڕۆلی گەورەی لەوەدا بینی، کە مارکیسیزم بۆ کۆمۆنیستەکان بکاتە ئاسمانی دووەم و لە کاری حیزبیدا کورتی بکاتەوە. لینین یەکەمین کۆمۆنیستە توانیویەتی ناوی خۆی بخاتە سەر مارکیسیزم و لەوێشەوە ئەو ناوە لە کۆمۆنیستانی تر بنێ. وردە وردە تیۆرەکانی مارکس و مارکیسیزم کەم بوونەوە و لینین و لینینزم جێگایان گرتنەوە، کە زیاتر بۆ کاری سەربازی و کودەتا دەستدەدەن. ئەو شێوازەی لینینیزم، کە بە پلەی یەکەم پشت بە هێزی سەربازی دەبەستێ، بۆ جیهانی سێیەم زۆر لەبارە. بۆیە دیکتاتۆرەکانیش لە بەشێکی دنیا پەنایان بۆ بردووە و لە ڕێگایەوە دەستەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە.

سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو حیکمەتییەکان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دێنە دەرێ و ناو لە خۆیان دەنێن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران. کۆمۆنیستەکانی کوردستانی باشووریش (خۆیان باکووری عێراقی پێ دەڵێن) حیزبێک هەر لەژێر ئەو ئاسمانەدا دادەمەزرێنن. دوو سال لەمەوپێش حیزبەکەی حیکمەت دەبێتە دوو بەش. کۆمۆنیستانی کوردستانی باشوور (عێراقی ئەوان) خۆیان لە سەرسوڕمانێکی گەورەدا دەبیننەوە. ئەو سەرسوڕمانە تا ئێستاش درێژەی هەیە. ئێستا ئەو کۆمۆنیستانە لە هەر کاتێکی تر زیاتر لە مرۆڤی سەرەتایی دەچن، بەوەی لە ئاستی ئەو دیاردە نوێیەی سرووشتدا سەریان سوڕماوە. ئەو گۆڕانە چییە لەو ئاسمانەدا ڕوویداوە؟ مانگگیران و ڕۆژگیران نیە. ئەستێرە نەڕژاوە. ئەوە چیە؟ ئاسمانە و بوو بە دوو لەت. ئەوان لەژێر کام لەتەیاندا خۆیان حەشار بدەن باشە؟ کام لەتەیان تۆفان و وەیشوومەی پێیە و لەو زەوییە چۆڵەدا ڕەقیان دەکاتەوە و کامەیان ڕەحمەتیان بەسەردا دەبارێنێ؟ کێ

دەتوانێ پێیان بڵێ کام لەتەیان بە پاکی ماوەتەوە و کامەیان پیس بووە؟ خۆ مەنسووری حیکمەت خۆی لە ژیاندا نەماوە هەتا گرێی هەموو ئەو مەتەڵانە بکاتەوە.

بە سەرنجدانمان لە بڵاوکراوەکانیان بەئاسانی لەوە تێدەگەین، کە مارکیسیزم چەند لەو حزبە دوورە. هەموو ئەو رەوتە فیکری و فەلسەفیانەی لەگەڵ مارکس و دوای مارکس هاتوونە، چ عەقڵانی و چ ناعەقڵانی، نەیانتوانیوە ناوی ئەو فەیلەسووفە فەرامۆش بکەن. ئەدی چییە وای کردووە رێی نەکەوێتە ناو ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە؟ ئەوانە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە کار دەکەن، دەبوایە ئەمرۆ ئێمە لایەنی کەم نووسراوەکانی مارکسمان بە زمانی کوردی هەبوایە. دەبووایە مارکیسیزم بەشێک بوایە لە پێکهاتەکانی فیکری ئێمە، بۆئەوەی ئەمرۆ باسمان لە رەخنەی مارکیسیزم بکردبوایە و کۆمەڵێ خوێندنەوەی جیاوازمان بەدەستەوە بدابوایە. باسمان لە ئیشکالیەتەکانی خوێندنەوە بکردبایە. بە زمانێکی هەژارانە پێمان دەڵێن و دەڵێنەوە کرێکاران لە سایەی ناسیۆنالیزمی کوردی (دەربڕینێکی زۆر سادە و دوور لە لێکۆڵینەوەی خۆیانە) لە برسان دەناڵێنن. بەڵام کوا مارکیسیزم؟ برسیەتی و هەژاری کە ناوەرۆکی سۆسیالیزمی یۆتۆپییان پێکدەهێنا، مارکس رەخنەی توندوتیژی لێگرتن و سۆسیالیزمی زانستیی لە شوێنیان داهێنا. ئەو دوو دەستەڵاتەی باشووری کوردستان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا سەرچاوەی گرنگ بوون بۆ بەردەوامبوونی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەر ئەو شێوازی نووسین و راگەیاندنە، چونکە ئەوان بەشێوەیەکی سیستەماتیکیانە برسیەتی و هەژاری بەرهەمدەهێننەوە. لێرەوەیە خۆراکی رۆژانەی کۆمۆنیستی کرێکاری دابین دەکەن، کە بریتین لە بەیاننامە و هەواڵ و ریپۆرتاژ و رابەرەکانیشیان چەندین جاری تر لە چاوپێکەوتنە خۆبەخۆکانیان دەیانڵێنەوە. بە کورتی کۆمۆنیستی کرێکاری دوای تەواوبوونی برسیەتی و هەژاری، هیچ پەیڤێکی نامێنێ.

لە دوای تێکشکانی یەکێتی سۆڤیەت و لە دوای راپەڕینەوە بارودۆخی کوردتسان هیچ کاتێک لە بەرژەوەندی چەپدا نەگۆڕاوە. بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەبووە، کە چەپ لە کوردستان هیچ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی نەبووە، بەڵکو ئەو شێوازەی چەپە رادیکالەکان لە سەردەمی راپەڕین و شووراکاندا گرتیانە بەر کاری زۆری لە لاوازبوونی بیروباوەری جەپ کرد. ئەگەرچی ئەوان زۆر دڵسۆزانە دەیانویست پشتگیری لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشان بکەن. هەرچی حزبی شیوعیە لەو ماوەیە هەوڵی یەکەمی ئەوە بوو توورەیی ئەو دوو حزبە شەڕکەرە نەهێڵێ، نەبادا کرێکاران و زەحمەتکێشان زیانیان پێبکەوێ. لەو جەند ساڵەی دوایی حیزبی شیوعی لەوە دەرچوو لەژێر ناوی چەپدا پۆلێن بکرێ. لەپاڵ هەموو ئەوانەدا واقیعی کوردستان جارێک ئاراستەکەی بەرەو ئاین بوو، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ و جارێک بەرە و ناسیۆنالیزم بوو، کە لە هەندێک حاڵەتدا گەیشتۆتە راسییزمیش، بەتایبەتی لە دوای رووخانی بەعس و زەقبوونەوەی فیدرالیزم و مەسەلەی کەرکووک و ناوچە تەعریبکراوەکانی تر. ئەو مەسەلەیە ئەگەرچی لە هەمان کاتدا نارەزاییەکی گەورەی جەماوەری لە دژی دەستەڵاتی کوردی پێکهێناوە، کە پێیان وایە ئەو دوو پارتە گەورەیەی کوردستانی باشوور لە ئاستی ئەو داخوازیانەدا نینە، بەڵام هیچ ئاڕاستەیەک بەرەو چەپبوون دیار نیە. هەر لەو چەند ساڵەدا برسیەتی و بێدەرامەتی و چەوسانەوەی ژنان رووی لە زیادبوون کردووە، بەڵام هەموو ئەوانە نەبوونەتە هۆی بەهێزبوونی، یان سەرهەڵدانی بیروباوەڕی چەپ.

ئەمرۆ پارتی چەپ لەناو واقیعێکدا پێکدێ، کە هیچ بنکەیەکی بەهێزی نیە، بۆیە ئەگەر بەهەمان ئەو دوو میتۆدە باوە کار بکات، ئەوا لە ئێستاوە چارەنووسی لەوان چاکتر نابێ. ئەگەرچی بوونی پارتێکی چەپ پێداویستییەکی مێژووییە لەناو واقیعێکدا، کە خەریکە بەتەواوی بەلای ڕاستدا وەردەگەڕێ. ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە و تەنها کۆمەڵگا مۆدێرنەکان هەست بە تراژیدیاکانی ئەو وەرگەڕانە دەکەن.